
سەمەرە

# ناعەدالەتی لە مووچە و بێدەنگی پەرلەمان!!

ئازاد هەینی



یەکێک لە دیاردە باو و تەشـــەنە کراوەکانی کۆمەڵگای کوردســـتان، بەتایبەتـــی لـــە نێـــو داو و دەزگاکانی حوکومەتـــدا، دیاردەی واســـیتەکردن لەلایەن هەندێک دەستڕۆیشـــتوو بۆ پلەبەرزکردنەوەی کەسوکارەکانیان لەناو حوکومەتدا، بەبێ ڕەچاوی، هەم لێهاتوویی، هەم بڕوانامە و ساڵانی خزمەت، ئەم کارە نایاساییانە، بێشک لەسەر حیســـابی خەڵکانی لێهاتووتر و بەئەزموونتر و شـــارەزاتر دەکرێت. ئەوەتـــا واســـیتەکردن تەنانەت هەندێکجار خۆی دەخزێنێتە زانکۆکانیش لەسەر حیسابی ئەوانەی بە ماندووبوون و شـــەونخونی و ڕەنجی شانی خۆیان مەرجەکانی وەرگرتنیان بەدەستهێناوە، تەنانەت گەیشتۆتە ناو نمرەی قوتابیان و خوێندکارانیش.

لـــەم وڵاتـــە پیاو نازانێـــت خەم لە چی بخـــوات، لەو ناعەدالەتییـــەی لە مووچە فەرمانبـــەران وەک مانگی چواردەیە و حەوجە بە ئەنگوســـت نـــاکات، تەنها بە نووکە قەڵەمی ئەم ڕەنگ و ئەو ڕەنگ دەیان ســـتێپ و پلە وەزریفی بەســـەردەخەن، خەڵکان هەمان بڕوانامە و ســـاڵی خزمەتیش لە شوێنی خۆیان دەچەقن، وەرن ســـەیر بکەن، بزانن چ عاجباتەییـــەک هەیە، چەندین کەس بێ بڕوانامـــە و تازەدامـــەزراو نەبوونی مەرجی یاسایی کراونەتە ( شـــارەزا و بەڕێوەبەری پێشکەوتوو و بەڕێوەبەر) لەسەر حیسابی خەڵکی لێهاتوو و خاوەن بڕوانامـــە، لەگەڵ هەر بەرزبوونەوەی پلەیەکی وەزیفی، کێرڤی مووچەکەی بەدەیانجار ســـەردەکەوێت، ئەمە چ دادپەروەرییەکـــە کە ڕۆژانە بانگهێشـــتی بۆ دەکرێت!

هەمان بڕوانامە و هەمان ساڵی خزمەت یەکێکیان مووچەکەی لەسەری ئەوسەرییە و ئەوەکەی تر لەخوارەوەی خوارەوەیە. کوا پلان، کوا یاسا، لەکوێن خۆیان حەشارداوە، ئەمەیە فەرمانبەری بێ پشـــت و پەنا کە بێئومێد دەبێت بەهۆی ئەو ناعەدالەتییەی کە هەیە. نموونەشمان لایە خەڵکانی شایســـتە بە پلەبەرزکردنەوە، مامەڵەکانیان لەژێردەستە و لەشوێنی خۆی چەقیوە جووڵە ناکات، لەپاش دەرچوونی ئەو ڕێنمایی و خشتەیەی تازە، شەڕ شەڕی بەرپرسی فەرمانگە و بەش و هۆبە و جێگرەکان، ئەمەشیان لەبەر پێدانی ڕێژەیەک بۆ ئەو بەرپرسانە، پێشتر دەمانووت لەسەرەوە پلە بەرز دەکرێتەوە و مووچە زیاد دەکرێت بەبێ یاســـا، بەڵام ئێستا بەیاسا و بەهەوەسی بەرپرسانی خوارەوەیـــە، ڕێـــژەی زیادبوونی مووچە دادەنرێت بەبێ ڕەچاوی لێهاتوویی و شـــارەزایی، هەر بە مەزاج، لەم وڵاتە دووبارە دەڵێمەوە پیاو نازانێت خەم لە چی بخوات، لە گرانی و بێ سەروبەری بازاڕیی، ئەو دیوارە بەرزەی نێوان دەســـەڵات و خەڵک، تەشەنەکردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکان بەمجۆرە ترسناکە، بەجێهێشـــتنی ئەو هەموو پڕۆژانە لەلایەن کۆمپانیاکان بەنیوەچڵی، داهێنانی کارێکی زانستی کە چەندین ســـاڵە بەرچاومان نەکەوتووە، ڕۆتینیات، بیرۆکراسییەتی بەرپرسان، دەردی پرســـگە و ســـکرتێرەکانیش وەک هیچ دەردێک نییە و دەرمانیشی چنگ ناکەوێت، ئاشکرا بوونی بەســـودفەی چەندین تەن لە خۆراکی ئێکسپایەر ڕۆژانە، پەرەسەندنی قاچاخچییەتی ماددە بێهۆشـــکەرەکان، فەزاحەت و پیســـی و گرانی نەخۆشخانە ئەهلییەکان، پارەی کارەبا بە تاریکی، ئیفادی فەرمانبەرانی خاوەن واســـیتەکان بۆ دەرەوەی وڵات، یاخود خەم لەوانە بخۆین، کە بەسێ ساڵ پۆلێکیان دەبڕی و لەسەر باشترین کورسی و فێنکترین ژوور دادەنیشن و بە مۆزیکی (مۆنامۆ) ســـکرتێرەکانیان بانگ دەکەن و منداڵەکانیشـــیان بێئەوەی لێیان بپرسن (حەسن سیساوە) کەی لەدایکبووە و و (حەسەن زیرەک) یش کەی کۆچی دوایی کردووە، لە قوتابخانە نموونەیەکانی ئەو وڵاتە وەردەگیرێن؟ باشترین مامۆستا و خۆشترین پۆلیان بۆ دادەڕازێیننەوە تا فێری زانست بن.

پرســـیارێکە هەقە بپرســـم، دەبێ ئەوەی من دەیزانم دەسەڵاتیش نەیزانێ و نەڵێت: لەگەڵ بوونی ئـــەو هەموو ڕێکخراوەی ئافرەتان و ژنان و منداڵان، بۆ ئـــەو هەموو منداڵانە بەهۆی گازی چراوە دەخنکێن؟! کچانیش بە غازی ماڵانەوە دەســـووتێن، گەنجانیش بەکارەســـاتی ئۆتۆمبیل گیانیان لەدەستدەدەن، شوان و گاوانی گوندنشینەکانیش مینیان لەژێر پێ دەتەقێتەوە و دەبنە کەمئەندام، کەیش نییە لێیان ناپێچێتەوە؟؟؟

لە هەمووی ســـەیر و سەمەرەتر، یاسایەک هەیە سەبارەت بەخزمەتی فەرمانبەران و دانانی پلەی وەزیفـــی نازانم، بۆ ئەو هەموو بەرزی و نزمییەی مووچـــەی فەرمانبەران هەیە، ناعەدالەتییەک و بەزاندنێکی بێســـنووری یاســـاکە هەیە، پەرلەمانیش خۆی لێ بێدەنگ کـــردووە و نووقەی لێوە نایەت!!

ئەو هەموو پازپازێنە هەیە لە خشتەی مووچەی فەرمانبەران!! دەبێت حکومەت و پەرلەمان ئەوە نەزانن و نەخەنە پێشـــچاوی خۆیان، کە حیزبەکەی جەزائیر خاوەن یەک ملیۆن شەهید و خاوەن ســـەروەری سەربەخۆیی و دروســـتکردنی دەوڵەتی جەزائیر بوو، بەهۆی ناعەدالەتی و گەندەڵیی دەسەڵاتی دۆڕاند!

جـــا ئەمە ئەنجامی ئەو بێـــت، دەبێت ئەنجامەکەی ئێمە چی بێت، کاتـــی دەوربەرمان بە دوژمن گیراوە، ئەگەر بەخۆماندا نەچینەوە!!